# خۆپیشاندان لە نێوان مافێكی ئاسایی هاووڵاتیان
# و تەفسیری تەئاموریانەی بەرپرساندا

**سەلاحەددین بابەكر**

ماوەیەكە دیاردەی خۆپیشاندان لە هەندێ ناوچە و شار و شارۆچكەكانی كوردستاندا سەریهەڵداوە و جەماوەری نارازی و بەتایبەتی توێژی لاوان، هەڵدەسن بە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرین لەسەر نەبوونی خزمەتگوزارییەكانی وەك كارەبا و نەوت و غاز و بەنزین و ... هتد.

خۆپیشاندان دیاردەیەكی دروستە، لەو وڵاتانەی كە دیموكراسی و ئازادیی رادەبرین و ئازادیی كاری سیاسی و رێكخراوەیی هەیە، جەماوەر وەك رێگایەك بەكاری دەهێنن بۆ نارەزایی دەربرین و دابینكردنی ماف و داوا رەواكانیان.

لە كوردستانی خۆمان ماوەیەكە كەمی یان نەبوونی كارەبا و نەوت و غاز و بەنزین جەماوەر و هاووڵاتیانی هەراسان كردووە و ناچاری كردوون لە رێگەی خۆپیشاندانەوە تورەیی خۆیان بە دەسەڵات و حكومەت بگەیەنن، بەڵام بەداخەوە حكومەت و دەسەڵات لەجیاتی بەدەمەوەچوونی داواكانیان، بە شێوازی نادروستی وەك تەقەكردن و لێدان و گرتن وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوە و دەداتەوە!

ئەم شێوازەی مامەڵەكردن لەگەڵ خۆپیشاندەران نەك هەر گرفت و كێشەكان چارەسەر ناكات، بەڵكو ئاڵۆزتر و گەورەتریان دەكات و رق و تورەیی جەماوەریش زیاتر دەكات، هەروەها ئەوە جێگای سەرنجە هەندێ بەرپرسی حكومی و حیزبی لەجیاتیی ئەوەی دان بنێن بەوەی كە كەمتەرخەمن لە دابینكردنی پێویستییە سەرەكییەكانی هاووڵاتیان و داوای لێبوردن لە جەماوەر بكەن، دێن هەزار و یەك تەفسیری تەئاموریانە بۆ ئەو خۆپیشاندانانە دەكەن و بە دەستی ئەملاو ئەولای دەزانن، ئەمەش ئیهانەیەكی گەورەیە بۆ جەماوەر و هاووڵاتیانی خۆپیشاندەر، یان لەوەش سەیرتر هەندێ لە بەرپرسان دەڵێن خەتای حكومەت نییە كە كارەبا و غاز و نەوت و بەنزین كەمە یان نییە! بە راستی لێدوانێكی سەیرە! ئەگەر حكومەت لەو مەوزوعەدا خەتای نەبێ كێ خەتابارە؟! باشە ئەركی سەرەكیی حكومەت نییە كە خزمەتگوزارییەكان بۆ هاووڵاتیان دابین بكات، بەتایبەتی لە وڵاتێكی وەك عێراقدا كە ئەو هەمموو نەوتەی هەیە.

لە كۆتاییدا دەڵێم خۆزگە بۆ تەنها جارێك بەرپرسە حكومی و حیزبییەكان لەسەرەی بەنزین و غاز وەرگرتندا وەستابان، خۆزگە بۆ شەو و رۆژێك كارەبایان نەبوایە و دەردی بێ كارەبایی و گەرمای هاوینیان بدیایە؟

خۆزگە و دەیان خۆزگەی تر كە بەرپرسەكان لە موعاناتی هاووڵاتیانی داماو بگەیشتنایە!!